کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:33 8-12-2007

## فستیڤاڵ بێ کەم و کوڕی نابێت ... دیاری فەرەیدوون شاعیرو ڕۆژنامە نوس

سەرەتا لەناخی دڵمەوە جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی سەرجەم ئامادەبوان و ئامادەکارانی فستیڤاڵەکە دەکەم لەیانزەهەمین فستیڤاڵی گەلاوێژدا وەك ئاشکرایە هیچ کارێك بێ کەم و کوڕی نابێت، بەڵام پێویستە لەکارەکانی ڕابردوو سوود لەرەخنەو سەرنجەکانی پێشوو بگرین بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، ئەوە بۆ جاری یانزەهەمینە فستیڤاڵی گەلاوێژ سازدەکرێت، هەر جارەو لەجاری پێشوو باشترو بەپێزتر دێتە ئاراوە ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیخەمە ڕوو بەهیوام بەدڵێکی فراوانەوە وەربگیرێت بۆ ساڵانی ئایندە ڕەچاوی بکرێت.

ڕۆژی 11/20 کەیەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی فستیڤاڵەکە بوو لەهۆڵی ڕۆشنبیری کەسانێکی زۆر ئامادە بوون لەهەموو چین و توێژەکان وەبەشێوازێکی زۆر جوان بەڕێوە دەچوو لەلایەن بەڕێوەبەرانی هۆڵەکەوە ئەوەی جێی دڵ گران بوو ئەو خاتوونە بوو کەدانرا بوو بۆ پشکنینی خانمان لەدەرەوەی هۆڵەکە کەکاتێك چوومە ناو گۆڕەپانی هۆڵی ڕۆشنبیری ئەو خانمە بەهەڵس و کەوتێکی زۆر ناشرین و بەدەنگێکی توڕەوە وتی: وەرە ئێرە بابتپشکنم منیش زۆر بەهێمنی و لەسەر خۆ پێم ووت بەسەرچاو فەرموو، ئەو خاتوونە زۆر بەناشرینانە پشکنیمی و لەبەر چاوی ئەو پاسەوانە نێرینانەی کە لەگۆڕەپانی حەوشەکەدا بوو بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هەستی ئێمە بکات کەکارێکی چەند نەشیاو بوو، لەپاش ئەوەش هەرچی لەناو جانتاکەمدا بوو دەریهێناو لەسەر زەویەکە بڵاوی کردەوە، بەبێ ئەوەی بەشێوازێکی جوان داوا بکات بیخەمە ناو جانتاکەمەوە، خۆم زۆر دڵ گران بووم بەو دیمەنە ناشیاوە کاتێك چوومە ناو هۆڵەکەوە دانیشتم لەڕیزی دواوە گوێم لەچەند خانمێك بوو باسی ئەو کارە ناشیاوەی دەرەوەیان دەکرد کەبەشێوازێکی زۆر ناشرین پشکێنراون لەبەر چاوی ئەو پیاوانە بۆ زانیاریش ئەو خاتونە لەشێوازی پشکنینی نەدەزانی لەبەر ئەوەی تەنها بۆ نمایش کردنی خۆی هاتوو چونکە (لەناو جانتاکەمدا دووچەقۆم پێ بوو کەئەو خانمە نەی دۆزیەوەو دای نەنا لەلای خۆی) ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە کەفستیڤاڵەکە دەستی پێکرد دەبوایە پێش هەمو شتێك ساتێك بۆ گیانی پاکی شەهیدان ڕاوەستاینایە بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆحی ئەو شەهیدانە بەڵام لەپاش بەخێرهاتن و خوێندنەوەی پرۆگرامی فستیڤاڵ بەهەر سێ زمانی کوردی- عەرەبی- فارسی ئینجا فەرموویان باساتێك ڕاوەستین بۆ گیانی پاکی شەهیدان لەوەئەچێ ئەم نەریتە نوی بێت هاتبێتە ئاراوە بۆ ڕێز گرتن لەشەهیدان.

هەر لەهەمان ڕۆژداو پاش نیوەڕۆکەی کەتایبەت بوو بەخوێندنەوەی شیعر ئەو ماوەیە زۆر کەم بوو بۆ شاعیرەکان کەدەقەکەیان خوێندەوە وەك پێشنیارێکی خۆم باهەر نەیخوێنەوە یان هەموو دەقەکەیان تەواو بکرێت لەبەر ئەوەی لەوە ناخۆشتر نیە لەقولایی هەستی شیعر خوێندنەوەدا بێت بەدەنگێك کەلەزەنگی ئاگادار کردنەوە دەچێت بەئاگات بهێنێتەوەو لەوهەست و ڕۆحە خۆشیەی کەتەنها شاعیر هەستی پێ دەکات بەئاگای بهێنێتەوە، لێرەوە دەست خۆشی لەخاتوو ڕۆژە دەکەم کەبەبێ گوی دانە کاتەکە هەموو دەقەکەی خوێندەوە.

خوێنەری ئازیز ئەم تێبینیانە تەنها لەسەر یەکەم ڕۆژی فستیڤاڵەکەیە، خواگەورەیە بۆ ڕۆژانی دوایی بەهیوای قبوڵ کردنی سەرنجەکانم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.